بە بە جیاوازیی.. شیعری نەوزاد بەندی

هەموومان گریانە قەرزارین ..

هەموومان بارانە قەرزارمانە

⋆ ⋆ ⋆

جاران ماسیحە و عەلاگەی خۆ نەبوون ،

کەچی شار زۆر پاکتر بوو ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران کرێکارە ، پۆلیسە ،

حەوت کوە و سێ کچی ،

لە سەرتاییەوە تا زانکۆیان تەواو ئەکرد بە خۆایی ..

هەرکەسێ ئەچووە نەخۆشخانە ،

بە پێنجا فلس ،

پزیشکی پسپۆ ئەیبینی ..

فەحسی خوێن و

سێ چوار دەرمانی وەرئەگرت ..

شتێ نەبوو بە ناوی خوێندنی ئەهلی ..

شتێ نەبوو ناوی خەستەخانەی ئەهلی ..

ئەوسا ووتات هی هەمووان بوو ..

مافیاکانیش لە سیخوخانەکانی ئەو دیو سنوور ..

خەیان ئەلەسایەوە و

چەندیان ئەکرد

نەئەگەیشتە ئاوایی

دەنگی لووڕە لوور

★ ★ ★

جاران زەرینە تەنها لە بەنەکاندا گەشتیان ئەخوارد ،

بەڵام شار پڕ پڕ بوو لە شەر ..

★ ★ ★

جاران تاک و تەرا قوتابخانە هەبوو ،

بەڵام هەشتبیری وامان تیا هەئەکەوت ،

بەگانەیش دەستی بە ئەگرت بە سنگەوە ..

★ ★ ★

جاران بازاڕی دەلار و عەلوە و پەشانگای نەو دەوەتیی نەبوون ،

کەچی هیچ کەس پارە پەرست و

برسی و چاوچنۆک نەبوو ..

★ ★ ★

جاران یەک حیزبی نیشتمانی و ئاینییمان نەبوو ،

بەڵام خەڵکی ئەوەندە نیشتمانپەروەر بوو

ئەوەندە ئاین پەروەر بوو ،

نەبووە و نابێتەوە ..

★ ★ ★

جاران بە دەگمەن کەشکەت ئەبینی ،

بەڵام کەسکەت نەئەبینی بکەوزێتەوە ..

هەموان شایان بێ سڕپان ڕاندەگرت ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران دەرسی دینی و .. تۆژەری کۆمەڵایەتی و .. تۆژەری دەروونیی نەبوون ،

بەڵام هیچ کێشەیکی دینی و

هیچ کێشەیکی کۆمەڵایەتی و

هیچ کێشەیکی دەروونیت نەدەبینی ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران خەڵک لە کانی و ڕووبار و مەرکانێ ئاویان ئێخواردەوە ،

کەچی نە شەرپەنجەی گەدە هەبوو ..

نە کیسێ ئاویێکان ..

نە ئێچ پایلەری ..

نە ئێنتامیبا ..

نە جیاردیا ..

نە ئێچ نانا ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران لەو شارەدا تەنها دوو دەرمانخانێ هەبوون ،

کەچی بە دەگمەن نەخۆشکت ئەدی …

⋆ ⋆ ⋆

جاران ئەو شارە ،

سێ چوار ئوتومبێلی تێدا بوو ،

کەچی هیچ کەس لە دەوام دوا نەئەکەوت ..

هەموان پێش خەر ئاوا بوون ئەگەیشتنە ماڵەوە ..

★ ★ ★

جاران دوو چایخانە لەو شارەدا هەبوون ،

کەچی خۆکی ،

بە بە جیاوازی ،

تەر چا و

تەر تاوۆ و

تەر دەمینە بوون ..

★ ★ ★

جاران تاک و تەرا کوردێک

ئێوارەی بە هەندەران ،

لەو سەروە پڕفیسەرە ئۆگرایەوە ..

★ ★ ★

جاران ئەچوویتە بەر دەرگای هەر ماڵێ ،

پێش خانەخوێ ،

بەنی ئادەمیحانە و

مەخەک و

گوڵباخ ،

فەرموویان لێ ئەکردی …

★ ★ ★

کەچی ئێستا ،

ئەم دەستاتە بە ڕووشتە ..

ئێوارە جاران ئەوە کێلە بوون ،

ئەم بووین ئاخوی ئازادیمان

کردە ملتان ..